# نەشتەرگەری، چارەسەری یەکەم شەکرەداری کرد !



Foto PHOTODISC

شەکرە یەکێکە لەو نەخۆشییە زیندەپاڵە گرنگانەی لە هەموو جیهاندا بڵاوە و نزیکەی 250 هەزار شەکرەدار لە ئینگلیستاندا هەیە . پاش چەندین هەوڵدان و توێژینەوە لە کەنەدا و ئینگلیستان پزیشکەکانی نەخۆشخانەی King s college hospital لەندەن رایانگەیاند کە پاش وەرگرتنی خانەی پەنکریاسی مرۆڤێکی مردوو توانراوە لە نەخۆشێکی 61 ساڵیدا بچێنرێت کە ماوەی 30 ساڵان بە دەرزی ئینسولین چارەسەری نەخۆشی شەکرەی جۆری 1 ی خۆی کردووە . یەکەم قۆناخی نەشتەرگەرییەکە لە مانگی سەپتەمبەری ساڵی 2004 دا ئەنجامدراوە و پاش مانگێک قۆناخی دووەمی بۆ کراوە و لە کۆتایی مانگی جەنیوەری ساڵی 2005 دا دوا نەشتەرگەری بۆ کراوە . بە پێی رۆژنامەکانی لەندەن نەخۆشەکە دەبێژێت کە باری تەندروستی زۆرباشە . ئەوەی شایانی باسە پاش دوا نەشتەرگەری ئەو شەکرەدارە پێویستی بە دەرزی ئینسولین نەکردووە لەبەرئەوەی نەشتەرگەریەکە سەرکەووە بووە ئەمرۆ پەنکریاسی نەخۆشەکە ئاسایی ئینسولین دەردەکات .

هەرچەندە ئەنجامدانی ئەم رێگایە نوێیە ئاسان نییە بەڵام پسپۆران هیوادارن رێگایەك بدۆزنەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خانانە بۆ ئەوەی لە شەکرەداردا بیچێنن . ئەم سەرکەوتنە نوێیەی نوژداری دەبێتە هۆی چاککردنەوەی دەیان شەکرەدار لە جیهاندا .

سەرچاوە

سوود لە رۆژنامەی ماڵپەری رۆژنامەی ئافتۆن بلادێتی رۆژی 10 ی مارس ی2005 ی ستۆکهۆڵم وەرگیراوە .